**حمایەت و ڕاوێژکاری**

تاقمە کاریەکانی ئێمە ئەرکی پێشکەکش کردنی پشتگیری و ڕاوێژکاری بەکردەومیان بۆ پەنابەران و پەناهێنەران بەئەستۆیە. ئەم کەسانە دەتوانن هەرجۆرە گرفتێك کە وەکو پەنابەر یا پەناهێنەر لەگەڵیدا بەرەوڕوون، بریتی لە ڕەوتەکانی بەدەستهێنانی پەنابەریەتی، یا گواستنەوە و پشتگیری و کەڵك وەرگرتن لە مافەکانیان لەگەڵ تاقمە کاریەکانی ئێمەدا بهێننە گۆڕێ.

ئەگەر چی خزمەتکاریەکانی ڕاوێژکاری ماف پێشکەش ناکەین بەڵام دەتوانین بۆ ئەو کەسانەی کە دێنە لامان دەرفەتێك برەخسێنین کە لە گەڵ پارێزەران یا ڕێکخراوەگەلی تر کە دەتوانن لە کارو باری پێشکەش کردنی داواکاری پەنابەریەتی و مافدا بەوان یارمەتی بدەن، پێوە ندی بگرن.

دڵنیایی بە دەست بێنین کە هەموو کەسێك بە خزمەتەکانمان دەستیان دەگات. بۆ ئەو پەنابەرانەی کە زمانی ئینگلیزی نازانن یا لە گەڵیدا ئاشنایەتی تەواویان نیە دە رفەتی کەڵك وەرگرتن لە خزمەتکاری وەرگێری زارەکی بەشێوەیێ ڕووبەڕوو بڕەخسێنین. لە بابەتگەلی زۆر تایبەتدا کە ئەو دەرفەتە نەڕەخسێ بە کەڵك وەرگرتن لە خزمەتکاریەکانی وەرگێرانی زارەکی بە تەلەفۆنی Language Line ئەو دەرفەتە دەڕەخسێندرێ کە هەر کەسێك بتوانێت ئەو ڕاوێژکاریەی کە پێویستیە وەربگرێت.

**خزمەتەکاریەکانی جارێك هاتن**

لە خزمەتکاریەکانی جارێ هاتن بۆ لای ئێمەدا، خزمەتکاریەکانی پشتگیری و ڕاوێژکاریەکی تەواو بە پەناهێنەران و پەنابەران لە چوار ناوچەی جیا و بڵاو لە ولزدا پێشکەش دەکەین: کاردیف، نیو پۆرت، سوان سی ، رگس هام. بە سەرنجدان بە زانستی خۆمالی ناوچەکە و ئەو پێوەندیانەی کە هەن لەگەڵ ڕێکخراوە پێوەندیدارەکان لەم ناوچانەدا هەر نووسینگەیەك ڕاوێژکاری شیاو بۆ پێداویستیەکانی ئەوانەی کە دێنە لامان لەو باژێرانەدا پێشکەش دەکەن.
تاقمە کاریەکان لە گەڵ ڕێکراوەی پشتگیری لە کۆچبەری و سنوورەکان (Borders and Immigration Agency) (کە پێشتر ناوی خزمەتکاریەکانی پشتگیری نەتەوەیی لە پەنابەریەتی (National Asylum Support Service - NASS) بوو) و دامەزراوەکانی تر وەکو ناوەندی کاروباری پیشە (Job Centre Plus) و ڕێکخراوەی پیشە و مووچە (Department for Work and Pensions) لەلایەن پەهێنەران-پەنابەرانەوە وتووێژ دەکەن و سەبارەت بەمو پشتگیریانەی - مافانەی کە بۆ ئەو کەسانە هەیە بەوان ڕاوێژکاری دەدەن.

**دەرفەتی سەرەتایی**

ئێمە خزمەتکاریەکانی ڕاوێژکاری بەو پەناهێنەرانەی کە تازە هاتوونەتە ناو وڵات و خاوە نی نیشتەجێ بوونی سەرەتایین پێشکەش دەکەینتا کاتێ کە داواکاری پەنابەریەتی و پشتگیری لەوان لە لایەن ناوەندەکانی پێوەندیدارەوە لە وەزارەتی ناوخۆدا بەوێتە بەر هەڵسەنگاندن. بۆ ئەو کەسانەی کە تازە هاتوونەتە ناو وڵات و ئەو کەسانەی کە لە سەراسەری ولزدا بڵاو بوونەتەوە کۆبوونەوەکانی ڕاوێژکاری تەواو پێشکەش دەکەین تاکو بتوانن لە ڕەوتی داواکاری پەنابەریەتی ئاگادار بنەوە، فێرکاری و سەرکار چوون و پێکهێنانی دووبارەی خێزان ئاگادار بنەوە. هەروەها کاتێك کە ئەو کەسانە لە گەڵ گرفتگەلێکدا وەکو ئازادیگەلی ڕەگەزایەتی، توندی لە نێوان خێزاندا و کە م دەسەلاتی و فەقر بەرەوڕوو دەبن یارمەتی ئەوان دەدەین.

**یەکدەس بوون**

کاتێك بە کەسێك کە داوای پەنابەریەتی کردووە "ڕێگەی نیشتەجێ بوون" دەدرێت ئێمە یارمە تی ئەو دەدەین کە لە بارودۆخی پەناهێنەریەوە بۆ پەنابەریەتی بارودۆخەکەی بگۆڕدرێت. بە کردەوە ئەوە بە واتەی ئەوەیە کە خزمەتەکانی ڕاوێژکاری سەبارەت بە سنوورێکی بەربڵاو لە بابەتەکان بریتی لە نیشتەجێبوون، یارمەتی خەرجەکان، سەرکار چوون، دەرفەتەکانی شارنشینی، وەرگرتنی کورسی دانیشتنی نێومالْ، وەرگرتنی بەڵگەکانی سەفەرکردن و پێکهێنانی دووبارەی خێزان بەو پێشکەش دەکەین.

ئێمە بە یارمەتی دامەزراوەکانی هاوکار لە هەر ناوچەیەکدا تێدەکۆشین تاکو دڵنیا بین کە خزمەتکاریە سەرەکیەکانمان بە باشی دەچنە پێشێ و وەڵامێکن بۆ پێداویستیە کانی پە نابەران و پەناهێنەران.

**بڕیارە سەلبییەکان (نێگەتیڤ)**

بۆ ئەو کەسانەی کە لە وەزارەتی ناوخۆوە وەڵامی یەکجارەکی سەلبییان پێدراوە دەتوانین تاکو لە بابەتگەلی دۆزینەوەی شوێنێك بۆ نیشتەجێ بوون، شوێنێك بۆ چێشت خواردن، حەمام کردن و شۆردنی جلوبەرگ یارمەتی ئەوان بدەن. وەها یارمەتیگەلێك بەو خزمەتانەی کە دەکرێ لەهەر ناوچەیەکدا پێشکەش کرێن پێبەستەیە. هەروەها دەتوانین یارمەتیگەلێکی کەم بەو کەسانەی کە بە تایبەبەتی زەبر دەبینن لە ڕێگای پارەی پێویست بۆ کەسانی کەمدەسەڵاتەوە پێشکەش بکەین.

**نووسینگەکانی ئێمە:**

**Cardiff**
**Phoenix House**
**389 Newport Road**
**Cardiff CF24 1TP**
**تەلەفۆن:029 2048 9800**
**فاکس:029 2043 2980**

**Initial Accommodation Team**
**Lynx House**
**385 Newport Road**
**Cardiff**
**CF24 1RN**
**تەلەفۆن:029 2048 0150**
**فاکس:029 2047 1592**

**Newport**
**High Street Chambers**
**51 High Street**
**Newport NP20 1GB**
**تەلەفۆن:01633 266420**
**فاکس:01633 266421**

**Swansea**
**Third Floor Grove House**
**Grove Place**
**Swansea SA1 5DF**
**تەلەفۆن:01792 630180**
**فاکس:01792 630181**

**Wrexham**
**Trinity House**
**Trinity Street**
**Wrexham LL11 1NL**
**تەلەفۆن:01978 367890**
**فاکس:01978 367891**